# ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستیدا

**پ.ی.د.سلام نصرالدين محمد**
زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زانستە
مرۆڤایەتییەکان/ بەشی ڕاگەیاندن
Salam.mohammed@univsul.edu.iq

**شاكار عبدالقادر محمد**
زانکۆی پۆلیتەکنیک، کۆلێجی تەکنیکی
کارگێڕی، بەشی تەکنیکی میدیا
Shakar2498@gmail.com

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیەی کە بریتیە لە توێژینەوەیەکی مەیدانی، یەکێکە لەو توێژینەوانەی کە بەشـێوەیەکی زانسـتیانە ئەنجام دراوە لەسەر یەکێك لەوبابەتە گرنگ وهەستیارانەی کە پەیوەندی بەژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەوە هەیە، ئەویش بریتیە لە بواری تەندروستی.

ئێسـتا لە زۆرینەی کەناڵە تەلەفزیۆنیە ئاسـمانی و ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردسـتاندا، چەندین بەرنامەی تەندروستی لەو بوارەدا پێشکەش دەکرێت و زانیاری تەندروستی دەگوازنەوە بۆ بینەران، بە ئامانجی هۆشیارکردنەوە و ڕێنماییکردنی بینیەران بەمەبەسـتی هاندانی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ خۆپارێزی وبەرەنگاربوونەوەی مەترسـییە تەندروسـتیەکان. لەو ڕوانگەیەوە توێژەر لەڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە، دەیەوێت ڕۆڵی ئەو بەرنامە تەندروسـتیانە بخاتەڕوو لەکاتی بڵاوکردنەوەی زانیاریە تەندروستیەکان بەئامانجی هۆشیاری تەندروستیدا کە ئەوەش بەیەکێك لە ئەرکە دیارەکانی هەردەزگایەکی ڕاگەیاندن دادەنرێت کە بریتیە لە پێدانی زانیاری و هۆشـیار کردنەوەی هاوڵاتیان لەو ڕوداوو بارو دۆخانەی کە ڕودەدەن لە و ژینگە کۆمەڵایەتیەی تێیدا دەژی، بۆ ئەم مەبەسـتە توێژەر وەك کێشـەیەکی زانسـتی دەڕوانێتە ئەم بابەتەو دەیەوێت بزانێت ئەو بەرنامە تەندروسـتیانەی لە کەناڵە تەلەفزیۆنیەکانەوە پەخشـدەکرێن چ ڕۆلێکیان هەیە لەو بارەیەوە و تاچەند توانیویانە هۆشـیاری تەندروسـتی بگەیەنن و لە ڕوی تەندروستیەوە تاکەکانی کۆمەڵگە هۆشیار بکەنەوە ؟

بۆ ئەم مەبەسـتە، توێژەر پشـتی بە میتۆدی وەسـفی بەسـتووە کە بەیەکێك لە میتۆدە زانسـتی و پشـت پێبەستووەکان دادەنرێت بۆ ئەم جۆرە توێژینەوانە، هەروەها چەند ئامانجێك دیاریکراو هەوڵی بۆ بەدیهێنانی داوە،لە دیار ترینیان:

١- زانینی ڕادەی تەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان لەلایەن بینەرانەوە.

٢- زانینی ئاستی بایەخدان بە بابەتەکانی بەرنامە تەندروستیەکان لەلای تاکەکانی کۆمەڵگە.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

٣- زانینی ڕادەی کاریگەری بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستیدا.

٤- خستنە ڕووی ڕادەی گرنگیدانی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی سەبارەت بە پەتای کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان .

لە پێناو بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەی کە توێژەر هەوڵی بەدیهێنانی داوە لە توێژینەوەکەیدا ، ڕێگەی پێوانەکردنی ڕای تاکە کانی ناو کۆمەڵگە، توێژەر پشتی شێوازی نمونەی گریمانەیی (عينة احتمالية) بەستووە لە ناو سەنتەری شاری سلێمانی بە شێوەیەک کەبوار بۆ هەرتاکێک برەخسێت لەناو کۆمەڵگە وەک یەک، بەشداری پێبکرێت لە توێژینەوەکەدا. لەکۆتای توێژینەوەکە توێژەر بەچەند دەرەنجامێك گەشتووە، لە دیارترین ئەو دەرئەنجامانەش توێژەر پێی گەیشتووە، بریتین لە:

١. بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیە کان توانیو یانە ڕۆڵیان هەبێت لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی لەناو تاکەکانی کۆمەڵگەدا بەتایبەت لەکاتی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا

٢. وەرگرانی بەرنامە تەندرو ستیە تەلەفزیۆنیەکان کە سانێکن کە ئامانجیان وەرگرتنی زانیاری ڕاست و دروستە لەسەرچاوەیەکی بڕواپێکراوەوە، هەربۆیە بەردەوام هەوڵدەدەن لەڕێگەی بەرنامە تەندروستیەکانەوە تازەترین زانیاری وەربگرن .

٣. ئەو زانیاریانەی کە پەخشدەکرێن زانیاری تەندروستی بەسودن بەمەبەستی ئاگاداربوونی وەرگران لە تەندروستی خۆیان و کەسانی چواردەوریان .

٤. ئامانجی سەرەکی بەرنامە تەندروستیەکان بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستیە لەناو کۆمەڵگەداو بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریە لە سەر ئاستی تاک و خێزان و کۆمەڵگە.

**Abstract**

This thesis is based on practical researches on one of the most important areas of human interest which are health awareness.

Nowadays, there are many TV programs on health awareness on most locals and satellite TV channels to give awareness upon health protection. The aim of the researcher is to discover the role of health programs and their impact & influence on viewers. Therefore, the researcher wants to illustrate the role of a health awareness TV program which is one of the most effective programs for the viewer. Furthermore, the researcher assumes the issue as a scientific matter; she strives to find out the impact of the TV programs on the viewers.

The research method used is a descriptive research method, which is the most applicable method in the related field. Therefore, the most prominent aims to discover within this research are the following:

1. To find out the viewers' interests in the health programs.
2. To find out the importance of the health program contents.
3. The purpose of the health programs in relation to health awareness.

4. To discover the TV programs based on raising awareness about during COVID- 19 pandemic in Kurdistan Region.

To achieve the aims of this research. The researcher took a survey to obtain the applicants' points of view based on (Probability Sample) method in Sulaymaniyah city center without considering their demographics, backgrounds, and professional differences. Therefore, the conclusion of this research is the following :

1. TV programs based on health have an important role in raising awareness, particularly during the COVID- 19 pandemics .
2. The viewers of TV health programs have a preference for accurate information from credible sources. Therefore, through the programs, the viewers attempt to gather as much information as possible from the program .
3. The current TV health programs that are broadcasted are beneficial and help in raising health awareness and address health concerns to their viewers
4. .The aim of the TV health programs is to help increase health awareness for the viewers and their families

**پێشەكی :**

ئامرازەكانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەكی گشتی و كەناڵەكانی تەلەفزیۆن بەتایبەتی، سەرەڕای ئەو پێشكەوتنە تەكنەلۆجیەی ئێستادا لەئارادایە لەڕووی گواستنەوەی زانیاریەكان و ئاراستەكردنی وەرگران وبەكارهێنەرانی ڕاگەیاندنی نویێ. یەكێكە لەو ئامرازانەی تا ئێستاش دەتوانن ڕۆڵێكی گرنگ بگێڕن لە گەشەكردنی كۆمەڵایەتیدا لەسەرجەم بوارەكاندا، لەو ڕوانگەیەوە رۆڵی كەناڵە تەلەفزیۆنیەكان لەدروستكردنی هۆشیاری لەلای تاكەكانی كۆمەڵگە بە یەكێک لەو ئەركانە دادەنرێت كە تەلەفزیۆن دەیبینێت، بەتایبەت گوا ستنەوەی زانیاری ڕا ست و درو ست لەبوارە جیاوازەكاندا یان بۆ دروستكردنی ئاراستە و ڕای جیاواز، كەواتە ڕاگەیاندن بە گشتی و تەلەفزیۆن بە تایبەتی بەهەموو پێكهێنەرەكانیەوە، ڕۆڵێكی گرنگی هەیە لە بونیادنانی زانین لای جەماوەر، ئەمەیش لە ڕێگای بانگەشەی ڕاگەیاندن بۆ هۆشیاركردنەوەی مەبەستدار كەدەبێتە زیادكردنی هۆشیاری لەلای تاك بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی كێشە جیاوازەكان. هۆشیاری تەندروستی یەكێك لەو كارە گرنگانەیە كە تەلەفزیۆن پێی هەڵدەستێت، لە توانایدایە كار بكات بۆ بڵاوكردنەوەی ڕۆشنبیری تەندروستی لە ناو كۆمەڵگەدا، لەگەڵ ئەوەی كە ئامانجێتی هۆشیاری تەندروستی بڵاو بكاتەوە و ببێتە هۆكارێك بۆ باشبوونی ئاستی تەندروستی تاكەكان و هەموو كۆمەڵگە.

**یەكەم: كێشەی توێژینەوە:**

كێشەی ئەم توێژینەوە گەڕانە بەدوای خستنە ڕووی ئەو ڕۆڵەی كەناڵە تەلەفزیۆنیەكان هەیانە لە بڵاوبوونەوەی هۆشیاری تەندروستیدا، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر دەیەوێت لەڕێگەی ئەم پرسیارانەی لای خوارەوە بگاتە وەڵامی بنەڕەتی بۆ ئەو كێشەیە كە بریتین :

١- تاچەند تاكەكانی كۆمەڵگە تەماشای بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەكان دەكەن؟
٢- تاچەند بینەران گرنگی بە بابەتەكانی ناو بەرنامە تەندروستیەكان دەدەن؟



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

٣- تاچەند بەرنامە تەندروستیەکان کاریان بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی کردووە ؟

٤- تاچەند بەرنامە تەندروستیەکان ڕۆڵیان هەبووە لە پێدانی هۆشیاری لە بارەی کۆرۆنا ڤایرۆسەوە ؟

٥- ئایا بەرنامەتەندروستیەکان چ ڕۆڵێکی هەبووە لە بارەی بارودۆخە تەندروستیەکانەوە.

**دووەم: گرنگی توێژینەوە**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەڕووی زانستیەوە، دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی لە بواری ڕاگەیاندندا، کە توێژەران و خوێندکاران دەتوانن سودی لێببینن وەك سەرچاوەیەکی زانستی هەروەها گرنگی بۆ بواری ڕاگەیاندن ئەوەیە کە ئەم توێژینەوەیە هاوکار دەبێت بۆئەوەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی باشتر کار بکەن لەسەر بڵاوکردنەوەی زانیارییە تەندروستیەکان بۆ وەرگران، لە هەمان کاتدا گرنگی بۆ جەماوەر ئەم بەرنامانە هۆشیاری تەندروستی دەداتە وەرگران لەبەر ڕۆشنای ئەو زانیاریانەی کە بڵاودەکرێنەوە.

**سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوە:**

لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا توێژەر چەند ئامانجێکی هەیە بریتین لە:

١- زانینی ڕادەی تەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان لەلایەن بینەرانەوە.

٢- زانینی ئاستی بایەخدان بە بابەتەکانی بەرنامە تەندروستیەکان لەلای تاکەکانی کۆمەڵگە.

٣- زانینی ڕادەی کاریگەری بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستیدا.

٤- خستنە ڕووی ڕادەی گرنگیدانی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی سەبارەت بە پەتای کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان .

٥- زانینی ڕادەی متمانە بوونی بینەران بەو زانیاریانەی لە بەرنامە تەندروستیەکانەوە پەخش دەکرێن.

٦- زانینی بۆچونی بینەران دەربارەی ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان لەڕوی هۆشیاری تەندروستیەوە

**چوارەم: میتۆدی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی (وەسفی)یە و بۆ تاوتوێکردنی لایەنی پراکتیکی پشت بە ڕێبازی (ڕووپێوی) بەستراوە. لەبەر ئەوەی بەپێی زۆرێك لە (سەرچاوە و توێژینەوەکانی پێشوو ) لە بواری ڕاگەیاندندا بە پەسەندترین ڕێگا دادەنرێت بۆوەتە جێگەی متمانەی زۆرێك لە توێژەرانی ئەم بوارە.

**پێنجەم: ئامرازەکانی توێژینەوە**: توێژەر بۆ ئەم توێژینەوەیە پەنای بردۆتە بەر ئەم ئامرازە

**فۆرمی ڕاپرسی – پێوانە:** ئەو فۆرمەیە کەتوێژەر وەك ئامرازێك بەکاری دەهێنێت، بۆ بەدەست هێنان و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر نمونەی توێژینەوەکەو زانینی بۆچونی بینەران لەبارەی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان ورۆڵیان لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستیدا.

**شەشەم:. کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوە:**

١- کۆمەڵگەی مرۆیی توێژینەوە کە بریتیە لە دانیشتوانی شاری سلێمانی، کە نمونەی توێژینەوە، بریتیە لەکارمەندانی نەخۆشخانەی شارو سەردانیکەرانی نەخۆشخانە، کەبە شێوەی نمونەی گریمانەیی (عینه احتمالیه) وەرگیراوە.

٢- کۆمەڵگەی بابەتی ، بریتیە لە کەناڵە تەلەفزیۆنیە کوردیەکان، بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان کە لە کەناڵە تەلەفزیۆنیە کوردیەکاندا پەخش دەکرێت.وەك نمونەی توێژینەوە کاری لەسەر کراوە.

**حەوتەم: بوارو سنوری توێژینەوە:**

**١- بواری کات: ٢٠٢٠/١٢/١٠ – ٢٠٢١/٣/٢٥**

٢- **بواری شوێن:** پارێزگای سلێمانی / سەنتەری شاری سلێمانی

**بەشی دووەم: بەرنامەی تەندروستی تەلەفزیۆنی و هۆشیاری تەندروستی**

**باسی یەکەم: بەرنامەی تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان**

بەرنامەی تەلەفزیۆنی : میتۆدێکە بۆ باسکردنی بابەتێك یان ئاشکراکردن وپیشاندانی لە چوارچێوەیەکی دەرەکی گونجاودا، ناوەرۆکێکی بە بایەخ لەخۆدەگرێت لای وەرگر، بەرنامە هەوڵ دەدات بۆ راکێشانی زۆرترین بینەر ودروستکردنی کاریگەری لای جەماوەر. (محمود، ٢٠٠٧، ص٢٢)

بەرنامە تەندروستیەکان: ئەو بەرنامانەن کاردەکەن بۆ بەدەستهێنانی زانینی تەندروستی، بڵاوکردنەوەی هەواڵە تەندروستیەکان بەووردی ودروستی، بەرنامە تەندروستیەکان ئامانجیان وروژاندنی بابەتی تەندروستی و گەیاندنی زانیارییەکانە بەجەماوەر، بۆ دروستکردنی ڕایەکی ڕاست وتەندروست لەبارەی ئەو بابەتە تەندروستیانەی ڕۆژانە ڕووبەرووی خەڵك دەکرێتەوە، پەیامە تەندروستیەکان لە ڕێگای ژانری تەلەفزیۆنی جۆراو جۆرەوە دەگەیەنرێتە وەرگر.( الحمامي، ٢٠١٦، ص١٠-١١).

**پێکهێنەرەکانی بەرنامەی تەندروستی**

١- بواری تەندروستی دیاریکراو: بابەتی تەندروستی گەشەکردنێکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە لەدوای دەرکەوتنی کاریگەرییەکانی لەسەر ژیانی تاک وکۆمەڵگە، وەهەروەها گرنگی پەیوەندی نێوان تەندروستی وبوارەکانی دیکەی وەک بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری وگەشەپێدان، لەگەڵ گەشەکردنی بواری تەندروستی کادری بەتوانای تەندروستی دەرکەوتن، هەروەها نەخۆشخانە ودامەزراوە تەندروستیەکان گەشەیان کرد،پێویستی هەبوونی ڕاگەیاندنێکی بەهێز کە سەرجەم پەیامە تەندروستیەکان بگەیەنێتە وەرگر.( حضور، ١٩٩٣، ص ٢٣)

٢- بابەتی بەرنامەی تەندروستی: پێویستە بابەتەکانی بەرنامە تەندروستیەکانی بابەتی گرنگ وگەرمی ڕۆژبن لەلای وەرگر گرنگی تایبەتیان هەبێت، بابەتەکان پێکدێن لەمانە (هەمەڕەنگ، شێوازی ئاڵۆز، داواکراو، لۆژیکی و ژیری، جەماوەری، جدی و هەستیار). (حسنی، ٢٠١٧، ص٥٦)



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

٣- ڕووداوەکانی بەرنامەی تەندروستی: ڕووداوی تەندروستی چەند جۆرێکن (ڕوداوێکی تەندروستی هەمەڕەنگ، ئەو ڕووداوانەی کەهێواشـن ، ڕووداوێکی تەندروستی دۆکیومێنتکراو، ئەوڕووداوانەی کەکتوپڕن ، ئەو ڕووداوە تەندروستیانەی کەگشتین).

٤- جەماوەری بەرنامەی تەندروستی: جەماوەری بەرنامەی تەندروستی پێکدێن لە:

جەماوەرێکی بەرفراوان، کەتوانایەکی بەهێزیان هەیە لەگەڵ خۆگونجاندن وهەمەرەنگن،لەجۆری ونوخبە ودیاریکراو وناسراون، دەوترێت جەماوەری بەرنامە تەندروستیەکان جەماوەرێکی پەروەردەکراون لەتوانایاندایە لەڕێگەی بەر نامە کانەوە کەلێنە زانیارییە تە ندروستیە کانیان پڕبکەنەوە، هەروە هاڕەخنەگر و خاوەن هەڵوێستن لەبەرامبەر پەیامە ڕاگەیاندنیەکان.( الخضيري، ١٩٩٥، ص٤٢)

٥- کادری بەرنامەی تەندروستی: بەرنامە تەندروستیەکان پێویستیان بە کادری ڕاگەیاندنی تایبەتمەند هەیە، لە توانایدا بێت لەبوارە جیاوازەکان تێبگات و زانیاری تەندروستی هەبێت، دووجۆری سەرەکی هەیە ئەوانیش:

أ- ڕاگە یا ندنکاری – تایبەتمە ند: وا تا هەڵبژاردنی کادرێکی ڕاگە یا ندنی کە خاوەنی بڕوا نامەی (بە کالوریسی ڕاگەیاندن) بێت، ڕاگەیاندنی بەشێوەیەکی ئەکادیمی خوێندبێت وپسپۆڕی بێت، لەتوانایدا بێت کەگرنگی بە بواری تەندروستی بدات وتێگەشتنی بۆ بابەتەکان هەبێت، بۆ ماوەی (٢ بۆ٣) ساڵ زانستە جیاوازەکانی تەندروستی خوێندبێت لەدوای دەرچوونی دەبێتە کادرێکی ڕاگەیاندنی تایبەتمەندی تەندروستی.

ب- تایبەتمەند – ڕاگەیاندنکار: واتا دەرچوی بەشە جیاوازەکانی پزیشکی بێت توانایەکی باش وئەکادیمی هەبێت لەتەندروستیدا، وە حەزوئارەزووی بۆ ڕاگەیاندن هەبێت، بۆ ماوەی (١-٢) ساڵ ڕاگەیاندن بخوێنیت لەتوانایدایە کاری ڕاگەیاندنی تایبەتمەندی تەندروستی بکات.( خضور، ٢٠٠٥، ص٢٦٦)

٦- شێوازی چارەسەری ڕاگەیاندنانە: شێوازەکانی چارەسەری ڕاگەیاندنی تایبەتمەند ومەرجەکانی چارەسەری بەکارهاتوو لەبەرنامەپێکدێت لە:( الدليمي، المعايطة،٢٠١٤،ص٤)

أ. پێشکەشکردنی چارەسەرێکی ڕاگەیاندنی گشتگیر وقوڵ کەوەڵام دەرەوەبێت بۆ بابەتە تەندروستیە ئاڵۆزەکان.

ب. بەکارهێنانی هۆکارەکانی چارەسەر بەشێوەیەکی لێکۆڵینەوەیی وشیکاری وبنکۆڵکاریانە کە لەتوانایدا بێت تێڕوانینێکی هەبێت بۆ ڕووداو دیاریدە تەندروستیەکان.

ج. پێشکەشکردنی ڕووماڵێکی ڕێکخراو یەکسان، ڕێزگرتنی واقعی ڕووداوەکان ودیاردەکان.

د. بەکارهێنانی بزوێنەرە تایبەت ولۆژیکی وژیرییەکان بۆ جەماوەرێکی تایبەتمەند.

ه. دۆزینەوەی شێوازێکی گونجاو لەداڕشتنی پەیامەکاندا بەجۆرێک بۆ بابەتە تەندروستیەکان گونجاوبێت وشێوازی لێکۆڵینەوەو شیکاری وبنکۆڵکاری بێت.

**ئەرکەکانی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان**

١-  بڵاوکردنەوەی زانیاریە گشتیە تەندروستیەکان: بڵاوکردنەوەی زانیاریە دروست وباشەکانی تایبەت بە تەندروستی، بە گرنگترین پێکهێنەر دادەنرێت کە دەبێت بەهەند وەربگیرێت بۆ بەرنامە هۆشیاریە تەندروستیەکان، لە بەرئەوەی دروستکەری بنەمایەکی فراوانە لە تێگەشتنی تەندروستی، وەهەروەها بە نهێنی سەرکەوتنی بەرنامە هۆشیاریەکە دادەنرێت. (الخوالدة، ٢٠٠٥، ص٨٦)

٢-  چاندنی ڕەفتاری تەندروستی :هەندێك ڕەفتاری تەندروستی هەیە کە پێویستە لە سەر مرۆڤەکان کە پەیڕەوی بکەن، ئەو ڕەفتارانەش پەیوەستن بە تاکەوە بە تایبەتی، چۆنێتی مامەڵەکردن بە شێوازێکی باش وپاڵپشت بە بنەما ڕەفتارییەکان، هەروەك ئەوەی کاتێك مرۆڤەکان بەردەوام دەبن لەسەر بنەما ڕەفتاریەکان سودی لێوەردەگرن لە ژیانی ڕۆژانەیاندا.( الشوابكة، ٢٠١٧ )

٣-  گۆڕینی ڕەفتاری ناتەندروست: لەهەندێک لەکۆمەڵگەکان ڕەفتارە ناتەندروستەکان بەناو هەموو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگەدا بڵاوبونەتەوە، ڕەفتارە ناتەندروستەکانی وەک (جگەرەێشان، خواردنەوە ومادە هۆشبەرەکان)کە ئەم مادانە کۆمەڵگە بەرەو وێران بوون ودەرکەوتنی چەندان نەخۆشی جۆراوجۆر دەکاتەوە، کە ئەم دیاردانە پێویستی بە بەرنامەی تایبەتمەندی تەندروستی هەیە بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی هۆشیارىتەندروستی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە گۆڕینی ڕەفتاری ناتەندروست ونەگونجاویان لەپێناو بونیادنانی ژیانێکی گونجاوو تەندروست.( الشميمري،١٤٣١،ص٥٩)

٤-  دروستکردنی دەستەبژێر وسەرکردە بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی: گرنگترین بنەما لەکرداری بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی لەڕیگەی تەلەفزیۆنەوە بنەمای مرۆییە، کە ئەم بنەمایە ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لەبەدیهێنانی ئامانجەکانی پەیامە تەندروستیەکان، بەڵام ئەم توێژە لەکۆمەڵگەدا بە ڕێژەیەکی کەم بونیان هەیە وهەموو کات ناتوانرێت سودیان لێوەربگیرێت.( الزكري، ١٤٢٧، ص٤٥)

**باسی دووەم: چەمك و پێناسەی هۆشیاری**

لەناو توێژی ئەکادیمیدا پێنا سەیەکی تایبەتمان نیە بۆ هۆ شیاری کەڕەزامەندی لە سەر هەبێت لەلایەن شارەزایانی بواری هۆشیاری، سەرجەم ئەو پێناسانەی دەکرێن زۆر لەیەک نزیکن وهیچ جۆرە شیکارییەکیان بۆ نەکراوە کەبە تەواوی ماف بدات بە کرداری هۆشیاری، پێناسەکان کەم وکورتن بەجۆرێک دەوترێت هۆشیاری واتە هەستپێکردن (الادراک)، یاخود هۆشیاری واتا ( الصحوة ) مێشک وبیرکردنەوە سەرجەمی ئەم بۆچونانە دەمانگەیەنێتە ئەوەی کەهۆشیاری پێکدێت لەهەست ونەست وبیرکردنەوە.( روابحی، ٢٠١٣، ص١٣)

بە گشتی هۆشیاری بەرهەمی بەردەوامی چالاکی ئەو تێگەشتنە گشتیەیە، کەمرۆڤ ئەنجامی دەدات لەهەرشوێنێك بێت، هۆشیاری (٤) پێکهاتەی سەرەکی هەیە ئەوانیش: ( پەیبردن، تێگەشتن، هەڵسەنگاندن ، ڕەفتار)، هۆشیاری مرۆڤ بە ئاوێتەبوونی لایەنەی مادی وکۆمەلایەتیەکانی چواردەوری دروست دەبێت، کە کاریگەری لەسەر تاك دروست دەکات

ولەڕەفتار وهەڵســوکەوتەکانی تاکدا ڕەنگدەداتەوە، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بەبێ کاریگەری کۆمەڵایەتی تاك ناتوانێت هۆشیاری بەدەست بهێنێت. (فلیح، ٢٠٠٥،ص ٥٦-٥٧)

هۆشــیاری تەندروســتی:کۆمەڵێك چالاکی هاوبەشــی وراگەیاندن وپەروەردەیی ئامانجدارە بۆ دروســتکردنی هۆ شیاری بەرچاوڕوونی لە ڕا ستی تەندرو ستی، وە ئاگادارکردنەوەیان لەمەترسی نەخۆ شیەکان ونیشانەکانی لەپێناو پەروەردەکردنی پێکهێنەکانی ناو کۆمەڵگە بەها تەندروستیەکان.( المشاقبة، ٢٠١٢،ص١٥)

**پێکهێنەرەکانی هۆشیاری تەندروستی**

هۆشیاری تەندروستی پێویستی بە کۆمەڵێك بنەمای سەرەکی هەیە لەوانەش:

١- پەیامە تەندرو ستیەکان: زانیاریە تەندرو ستیەکان دەبێت ڕوون وڕا ست بن بۆ ئەوەی پەیامە تەندرو ستیەکە ئامانجەکانی بەدەست بهێنێت.

٢- ڕۆشــنبیری تەندروســتی: مەبەســتمان لەو کەســانەیە کە زانیاریەکان دەگوێزێتەوە کە لەســەرچاوەی دیکەوە وەریگرتوون، دەبێت توانایەکی بەهێزی هەبێت لە گەیاندنی زانیاری، پێویســتە ئەو کەســە باوەڕی تەواوەتی هەبێت بەو پەیامەی کە دەیگوێزێتەوە شارەزای تەواوی بۆ بڕوا پێهێنانی بینەر.

٣- کەسی وەرگر: پێویستە ئاستی هۆشیاری وتێگەشتنی کەسی وەرگر بزانین، وە بزانین وەرگر مەبەستێتی پەیامە تەندروستیەکان بۆ سودی خۆی بەکاربهێنێت.

٤- ئامرازی هۆشــیارکردن: پێویســتە ئامرازی پەیوەندیە جەماوەریەکان بەکاربهێنرێت بۆ بلاوکردنەوەی پەیامە تەندروستیەکان، وە لە ڕێگای هەستەوەرەکانی بستراو بینراو نوسراو بێت.( علي، ٢٠١٧، ص١٠)

**ئامانجەکانی هۆشیاری تەندروستی**

ئامانجی سەرەکی هۆشیاری تەندروستی گۆڕینی سێ لایەنە ئەوانیش:( عبیدي، ٢٠١٥،ص١٢٤ )

١- زانیاریەکان: زانیارییە تەندروســتیەکان لەســەرەکیترین ئامانجەکانە لەســەر بنەمایەکی زانســتی وڕاســت، کەپەیوەندیدارە بە تاك وتیڕوانینەکانی لەبارەی تەندروستیەوە.

٢- ئاراستەکردن: دروستبوونی قەناعەت وباوەڕپێهێنانی وەرگرە بە زانیاریە تەندروستیەکان، ئارەزوو مەندبوونە لەجێبەجێکردنی وپەیڕەوەی کردنی رەفتاری داواکراوە.

٣- پەیڕەویکردن: جێبەجێکردنێکی زانســتیانە وبەردەوامبوونە لەســەر تەندروســتیەکی تەواو، گرنگبوونی هۆشیاری تەندروستیە بە پشتبەستن بە بنەما زانستیەکانی تەندروستی بە ئامانجی هەبوونی ئەنجامێکی ئەرێنی لەسەر ئاستی تاك وگۆڕینی ئاراستەو نەریت وڕەفتار وگەشەکردنی لەناو نەوەی داهاتوو.

**باسی سێیەم : ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکان لەبلاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستیدا**

بەرنامە تەندروســتیەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لەگواســتنەوەی هەواڵ وزانیارییەکان بۆ تاکەکان وکۆمەڵگە بە شێوەیەکی گشتی، لەو ڕێگەیەوە کار لەسەر بلاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی دەکەن بۆ ناو خێزان وتاکەکانی



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

کۆمەڵگە، کەدەتوانێت بگاتە هەموو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگە، کەرێگەیەکە بۆ ڕێنوێنی کردن بۆ خۆپاراستن ورەفتاری تەندروستی گونجاو وبلاوکردنەوەی بەها وبیرۆکەی ئەرێنی کەپارێزگاری لەژینگەی مرۆڤایەتی دەکات، هەروەها دوورکەوتنەوە لەرەفتاری ناتەندروست وهەڵسوکەوتی نەگونجاو.( مالک، ٢٠١٨، ص٥٢)

ڕۆڵی بەرنامە تەندروستییەکان لەبلاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستیدا کە ئەوانیش:

١- لەرێگەی بەرنامە تەندروستیەکانەوە ئامۆژگاری ورێنمایی تەندروستی بڵاودەکرێتەوە.

٢- بەستنی کۆنگرە وکۆڕ وکۆبونەوەی پزیشکی ووتنەوەی وانەی تەندروستی وپزیشکی لەڕێگەی بەرنامەی تایبەتمەند بە هۆشیاری تەندروستی.

٣- بڵاوکردنەوەی کتێب وووتاری تایبەت وەهەروەها ئامادەکردنی بەرنامەی تایبەت بە کێشە تەندروستیەکان ونەخۆشیە جۆراوجۆرەکان.

٤- پەخشکردنی شانۆ وفیلمی تایبەت بە تەندروستی وبواری زانشتی پزیشکی کە هەموو ئەم بابەتانە دەچنە خانەی بلاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستیەوە.

٥- بانگهێشتکردن ومیوانداری کردنی کەسانی شارەزا وپزیشکی پسپۆڕ لەبوارە جیاجیاکانی تەندروستی بە مەبەستی گفتوگۆ وئاڵوگۆڕی زانیاری وپێدانی زانیاری ڕاست ودروست. (مطفاوي، ٢٠١٦، ص٥٢)

زانایانی بواری دەروناسی وکۆمەلایەتی تەلەفزیۆن وبەرنامەکان وەک دیاردەیەکی کۆمەلایەتی وەسفدەکەن وچەندین توێژینەوەیان لە سەر بەرنامەکان ئەنجامداوە کە چەندین کاریگەری وەک کۆمەلایەتی ودەروونی ڕۆشنبیری هەیە لەسەر وەرگران، وە ئەو کاریگەریانەش شوێنەوار بەجێدێڵن لەسەر بیرکردنەوە ڕەفتاری وەرگران. (المعايطه، ٢٠١٤،ص٣٥ ).

**بەشی دووەم (لایەنی مەیدانی )**

**ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستیدا**

لایەنی مەیدانی ئەم توێژینەوەیە بۆ دەرهێنانی ئەنجامی ئەو داتایانەی دەست توێژەر کەوتووە پشت بە بەرنامەی SPSS بەستراوە. بۆ ئەم مەبەستەش ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە پەیرەو کراوە:

١- ئامادەکردنی فۆرمی ڕاپرسی و پێوانەیی بۆ پێوانە کردنی ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکان لە بڵاو کردنەوەی هۆشیاری تەندروستیدا. بە شێوەی سەرەتایی فۆرمی تایبەت ئامادەکراو دواتر نێردراوە بۆ هەڵسەنگێنەرانی زانستی[١]، بەمەبەستی هەڵسەنگاندن وپەسەندکردن. پاش وەرگرتنی ڕای پسپۆڕان و شارەزایان و ئەنجامدانی

١

أ- پ.ی.د. ابراهيم سعيد فتح الله .، ڕاگەیاندن ، زانکۆی سلێمانی.

ب- پ.ی.د. حكيم عثمان حميد، ڕاگەیاندن، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

ت- پ.ی.د. ابتسام اسماعيل قادر، ڕاگەیاندن ، زانکۆی سلێمانی.

پێشـنیار و ڕاسـپاردەکان، دەسـتکرا بە دابەشـکردنی (٤٠٠) فۆرم، بەڵام تەنها (٣٨٠) فۆرم بە پڕکراوەیی گەڕاوەتەوە دەسـت توێژەر. لە کۆی ئەو ژمارەیە، (٤٩) فۆرم دوور خراوەتەوە بە هۆی نەبونی مەرجی زانسـتی لە پڕکردنەوە و وەڵام دانەوەی فۆرمەکاندا. لەبەر ئەوە تەنها داتای (٣٣١) فۆرم کاری ئاماری و و شـیکاری بۆ داتاکانی کراوە. پاش توێژەر پرۆسـەی ڕاپرسـیەکەی ناو کارمەندان و نەخۆش و دکتۆرەکانی نەخۆشـخانەی شـار بەشـێوەیەکی نمونەی گریمانەی (الاعینة الاحتمالیة) وەرگرتووە،

٢- دەرهێنانی ڕا ستی ڕواڵەتی: با شترین ڕێگە بۆ پێوانەکردنی ڕا ستی ڕواڵەتی هەڵسەنگاندنی فۆرمی ڕاپر سیە لەلایەن چەند شارەزایەکی بوارەکەوە، بە مەبە ستی هەڵسەنگاندنی فۆرمەکە بڕیاردان لە سەر کۆتا شێوەی فۆرمەکە ، دواتر بەهای هەریەکێك لە بڕگەکان دیاریدەکرێت، لە کۆی هەڵسـەنگاندنی سـەرجەم بڕگەکان بڕگەکانی (٣،١٨) لابراون، ڕێژەی رەزامەندبوونی شارەزایان پێکهاتووە لە (٨٠%)، بڕوانە خشتەی (١)

خشتەی (١):ژمارەی شارەزاییان و ڕێژەی ڕەزامەند بوون و ڕەزامەند نەبوونیان لەسەر سەرجەم پرسیارەکان.

| ژ. بڕگەکان | ژمارەی پرسیار | شارەزایان | | % |
|---|---|---|---|---|
| | | ڕەزامەندن | ڕەزامەند نین | |
| ١,٢,٤,٥,٦,٧,٨,٩,١٠,١١,١٢,١٣,١٤,١٥,١٦,١٧,١٩,٢٠,٢١,٢٢,٢٣,٢٤,٢٥. | ٢٣ | ٥ | ٠ | %١٠٠ |
| ٣,١٨ | ٢ | ٤ | ١ | %٨٠ |

٣- **دەرهێنانی جێگیری پێوانەیی**

توێژەر(ألفا کرۆنباخ)ی بۆ تاقیکردنەوەی پێوەرەکانی فۆرمی ڕاپرسـیەکەی بەگشـتی بەکارهێناوە، دەرکەوت کە بەهای جێگیری (٠,٧٦٥)، کە بەهایەکی باش دادەنرێت، ئاماژەیە بۆ جێگیری بڕگەکان.

خشتەی (٢) جێگیری بڕگەکان

| ژمارەی بڕگەکان | ألفا کرۆنباخ |
|---|---|
| ٤٧ | ٠,٧٦٥ |

**هەنگاوەکانی شیکردنەوەی داتاکان.**

**یەکەم/ خسـتنەڕووی زانیاری بەرتوێژان:** لەم باسـەدا وەسـفی ئەو زانیاریانە دەکرێت، کە لەبارەی بەرتوێژان و بەشداربوانی ڕاپرسیەکە کۆکراونەتەوە، کە فۆرمی ڕاپرسیەکەیان کۆکردۆتەوە لەچەند خشتەیەکی خراونەتە ڕوو:

١- ڕێژەی بەرتوێژان بە پێی ڕەگەز: وەک لەم خشـتەیەدا دەردەکەوێت کۆی گشـتی بەرتوێژانی توێژینەوەکە پێکدێن لە (٣٣١)، ڕەگەزی نێر ڕێژەی زۆرینە پێکدەهێنن (٢١٣) بەرتوێژن کە دەکاتە (٦٤,٤%) ی بەرتوێژان، ڕەگەزی مێ (١١٨) کە دەکاتە (٣٥,٦%) بەرتوێژانی توێژینەوە. بڕوانە خشتەی ٣.

ث- پ.ی.د. شێرکۆ جبار محمد، ڕاگەیاندن، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.
ج- پ.ی.د. کاروان محمد حسن، ڕاگەیاندن ، زانکۆی سلێمانی.

**خشتەی (٣) بەرتوێژان بەپێی ڕەگەز**

| ڕەگەز | ج | % |
|---|---|---|
| نێر | ٢١٣ | ٦٤,٤ |
| مێ | ١١٨ | ٣٥,٦ |
| کۆ | 331 | 100 |

٢- دابەش بوونی بەرتوێژان بە پێی پیشــە:ئەوەی لەخشــتەکە دەبیینین ، خوێندکاران بە پلەی یەکەم دێت و زۆرترین ڕێژەی بەرتوێژان پێکدێنن بەڕێژەی (٢٩%) بەرتوێژانە، کەمترین ڕێژە خانەنشــینانە کە دە کاتە (١,٨%)ی بەرتوێژان، بە پلەی دووەم فەرمانبەرانی حکومی کە دە کاتە (٢١,٥%) ی بەرتوێژانی توێژینەوەکە و کاســبکاران و کارمەندانی کەرتی تابەت و بێکارانیش بە پلەی جیاواز لەدوای فەرمانبەران دێن.بڕوانە خشتەی ٤.

**خشتەی (٤) بەرتوێژان بەپێی پیشە**

| پیشە | ج | % |
|---|---|---|
| فەرمانبەر | ٧١ | ٢١,٥ |
| کارمەندی کەرتی تایبەت | ٥٦ | ١٦,٩ |
| کاسب | ٦٧ | ٢٠,٢ |
| خوێندکار | ٩٦ | ٢٩,٠ |
| بێکار | ٣٥ | ١٠,٦ |
| خانەنشین | ٦ | ١,٨ |
| کۆ | ٣٣١ | ١٠٠ |

**٣- دابەش بونی ڕێژەی بەرتوێژان بە پێی ئاســتی خوێندن:** وەك لە خشــتەکەدا دەردەکەوێت دابەشــبوونی بەرتوێژانە بە پێی ئاســتی خوێندنیان، خاوەن بڕوانامەی (ئامادەیی) لە پلەی یەکەمدایە و بەڕێژەی (٢٩%)، ڕێژەی (نەخوێندەوار) بە نزمترین ڕێژە کە دە کاتە (٨,٨%) لە بەرتوێژان پێکدەهێنێت و خاوەن بڕوانامەی پەیمانگا دوای دەرچوانی ئامادەیی دێت و لە دواتریش پلەکانی دیکەی خوێندن دێت. بڕوانە خشتەی ٥.

**خشتەی (٥) بەرتوێژان بەپێی ئاستی خوێندن**

| ئاستی خوێندن | ج | % |
|---|---|---|
| نەخوێندەوار | ٢٩ | ٨,٨ |
| بنەڕەتی | ٤٩ | ١٤,٨ |
| ئامادەیی | ٩٦ | ٢٩,٠ |
| پەیمانگا | ٨٥ | ٢٥,٧ |

| | | |
|---|---|---|
| بەکالوریوس | ٣٩ | ١١,٨ |
| خوێندنی باڵا | ٣٣ | ١٠,٠ |
| کۆ | 331 | 100 |

٤- **دابەش بونی ڕێژەی بەرتوێژان بە پێی تەمەن**

تەمەنی نێوان(٢٠-٢٩) بە پلەی یەکەم دێـت و زۆرترین ڕێژەی بەرتوێژان پێکـدێنن کە (١٢٨) بەرتوێژ بەڕێژەی (٣٨,٧%) بەرتوێژانە، کەمترین ڕێژەش زیاتر لە ٦٠ سـاڵە کە دەکاتە (٢,٧%)ی بەرتوێژان، بە پلەی دووەم تەمەنی نێوان (٣٠-٣٩) کە رێژەی (٢٤,٥%) ی بەرتوێژانی توێژینەوەکە پێکدەهێنێت و تەمەن جیاوازەکانی دیکەش رێژەی جیاوازی بەرتوێژان پیکدەهێنن. بڕوانە خشتەی ٦.

**خشتەی (٦) بەرتوێژان بەپێی تەمەن**

| تەمەن | ج | % |
|---|---|---|
| کەمتر لە ٢٠ | ٤٠ | ١٢,١ |
| ٢٠-٢٩ | ١٢٨ | ٣٨,٧ |
| ٣٠-٣٩ | ٨١ | ٢٤,٥ |
| ٤٠-٤٩ | ٤٣ | ١٣,٠ |
| ٥٠-٥٩ | ٣٠ | ٩,١ |
| ٦٠ زیاتر | ٩ | ٢,٧ |
| کۆ | ٣٣١ | ١٠٠ |

٥- **دابەش بونی ڕێژەی بەرتوێژان بە پێی شوێنی نیشتەجێبوون**

وەک لە خشـتەکەدا دیارە بەرتوێژان دابەش بوون بەسـەر دوو بەشـدا بە پێی شـوێنی نیشـتەجێبوونیان، ڕێژەی بەرتوێژانی ناو شـار دەکاتە (٦٦,٢%) ی بەرتوێژان و بەرتوێژانی دەرەوەی شـار دەکاتە (٣٣,٨%)ی بەرتوێژان، لە بۆ ئەوەی کە شـوێنی ئەنجامدانی کاری مەیدانی لەناو سـەنتەری شـاری سـلێمانیدایە هە بۆیە ڕێژەی بەرتویژانی ناوشـار زیاتر دەبێت لە دەرەوەی شار . بڕوانە خشتەی ٧.

**خشتەی (٧) بەرتوێژان بەپێی شوێنی نیشتەجێبوون**

| نیشتەجێ بوون | ج | % |
|---|---|---|
| ناوشار | ٢١٩ | ٦٦,٢ |
| دەرەوەی شار | ١١٢ | ٣٣,٨ |
| کۆ | ٣٣١ | ١٠٠ |

**٦- دابەش بونی ڕێژەی بەرتوێژان بە پێی باری کۆمەڵایەتی**

ئەم خشتەیە دابەشبوونی بەرتوێژان پیشاندەدات بەپێی باری کۆمەڵایەتیان، بە پلەی یەکەم بەرتوێژان خێزاندارن و (٤٨,٣%) بەرتوێژان پێکدەهێنن، نزمترین ڕێژە (٨,٨%) ئەو بەرتوێژانەن کە جیابونەتەوە، سەڵت و هەوسەرمردوو بەڕێژەی جیاواز دێن. بڕوانە خشتەی ٨.

**خشتەی (٨) بەرتوێژان بەپێی باری کۆمەڵایەتی**

| نیشتەجێ بوون | ج | % |
|---|---|---|
| سەڵت | ١٠٧ | ٣٢,٣ |
| خێزاندار | ١٦٠ | ٤٨,٣ |
| هاوسەر مردوو | ٣٥ | ١٠,٦ |
| جیابووەوە | ٢٩ | ٨,٨ |
| کۆ | ٣٣١ | ١٠٠ |

**دووەم: ڕادەی بەرکەوتنی بەرتوێژان بە بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان**

**١- ڕادەی تەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان**

ڕادەی تەماشاکردنی بەرنامەکان بە ڕێژەی(٤٢%)ی بەر توێژان بەپێی کات تەماشادەکەن وڕێژەی (٣٤,١%)ی بەرتوێژان تا ڕادەیەک تەماشای بەرنامە تەندروستیەکان دەکەن، (٢٣,٩%) بەرتوێژان بەبەردەوامی تەماشادەکەن، سەرجەمیان بە ناوەندە ژمێرەیی(٢٠٨٢) و لادانی پێوەری (٠,٧٩٢). بڕوانە خشتەی ٩.

**خشتەی (٩) ڕادەی تەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان لە کەناڵە ئاسمانیەکان**

| ڕادەی تەماشاکردن | ج | % | ناوەندەژمێرە | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| بەردەوام | ٧٩ | 23.9 | 2.82 | 0.792 |
| تاڕادەیەک | ١١٣ | 34.1 | | |
| بەپێی کات | ١٣٩ | 42.0 | | |
| کۆ | ٣٣١ | 100 | | |

**٢- پشت بە ستنی بەرتوێژان بەکەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان**

ئەم خشتەیە پشت بەستنی بەرتوێژان بەکەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان بۆ تەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان پیشاندەدات، وەک لە خشتەکەدا دیارە کەناڵی (NRT) بە پلەی یەکەم دێت بەڕێژەی (٢٤,٩٦%)ی بەرتوێژان، کەناڵی سپێدە کەمترین ڕێژەی هەیە (١,٦٨%)ی بەرتوێژان ئەم کەناڵەیان هەڵبژاردووە، بە پلەی دووەم کەناڵی (NET TV) دێت کە ڕێژەی (١٤,٤١%) بەرتوێژان تەماشای ئەم کەناڵە دەکەن لە دوای ئەویش کەناڵی گەلی کوردستان و کەناڵەکانی دیکە بە پلەو ڕێژەی جیاواز دێن. بڕوانە خشتەی ١٠.

**خشتەی (١٠)**

**پشت بە ستنی بەرتوێژان بەکەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان بۆ تەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان**

| کەناڵ | ج | % | پلە |
|---|---|---|---|
| کوردسات | ٤٥ | 6.69 | شەشەم |
| کوردسات نیوز | ٣٤ | 5.05 | نۆیەم |
| گەلی کوردستان | ٨١ | 12.04 | سێیەم |
| NRT | ١٦٨ | 24.96 | یەکەم |
| ڕووداو | ٥٤ | 8.02 | چوارەم |
| K24 | ٣٠ | 4.46 | دەیەم |
| کوردستان تی ڤی | ١٣ | 1.93 | دوانزەیەم |
| سپێدە | ١١ | 1.64 | سیانزەیەم |
| پەیام | ١٩ | 2.82 | یانزدەیەم |
| کەرکوك | ٣٥ | 5.2 | هەشتەم |
| Net TV | ٩٧ | 14.41 | دووەم |
| AVA TV | ٣٦ | 5.35 | حەوتەم |
| Kurd max | ٥٠ | 7.43 | پێنجەم |
| کۆ | ٦٧٣ | 100 | |
| "بەرتوێژان زیاد لە وەڵامێکیان هەڵبژاردووە" | | | |

٣- **بایەخی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان**

وەک لە خشـــتەکەدا دیارە بەرتوێژان لە کاتی نەخۆشــکەوتنی کەســـانی چواردەوریان بە پلەی یەکەم گرنگی بە بەرنامەکان دەدەن و بە ڕێژەی (٢٧,٥%) ئەو کاتە یان هەڵبژاردووە، دواتر لە کاتی بڵاوبونەوەی پە تا و نەخۆشـــیە درمەکـان(٢٥,٤%) بەرتوێژان هەڵیـانبژاردووە هەرچەنـدە جیـاوازیەکی بەرچـاو لە نێوان ئەگەرەکـانـدا نەبوو چونکە سـەرجەمیان گرنگن و بەسـتراون پێکەوە، وە سـەرجەم ئەگەرەکان بە ناوندەژمێرەیی (٢,٤٤) و لادانی پێوەری (١,٠٩٢)، بڵاوبونەوەی نەخۆ شیە جۆراوجۆرەکان وا لە وەرگردەکات کە بۆ پارا ستنی خودی خۆی و ئاگاداربوون لە تەندرو ستی کەســـانی چواردەوری بەردەوام بەدواداچوون بکات بۆ بابەتە تە ندروســـتیە کان بە تایبەت لە کاتی بڵاوبونەوەی نەخۆشیە لە ناکاو پەتا گوێزەرەوەکاندا، بڕوانە خشتەی ١١.

**خشتەی (١١) بایەخی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەكان**

| بایەخ بۆ بەرنامە تەندروستیەكان | ج | % | ناوەندەژمێرە | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| لەكاتی نەخۆشكەوتنم | ٨٣ | ٢٥,١ | ٢,٤٤ | ١,٠٩٢ |
| لەكاتی نەخۆشكەوتنی كەسانی چواردەورم | ٩١ | ٢٧,٥ | | |
| لەكاتی بڵاوبونەوەی پەتا ونەخۆشییەكان | ٨٤ | ٢٥,٤ | | |
| لەكاتی هەستكردنم بەكەمی زانیاری تەندروستی | ٧٣ | ٢٢,١ | | |
| كۆ | ٣٣١ | ١٠٠ | | |

٤- **كاتی تەماشاكردنی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەكان**

وەک لە خشتەكەدا دەردەكەوت بەرتوێژان بەرێژەی (٣٣,٥%) لە كاتی شەواندا تەماشای بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنەكان دەكەن ولەبەیانیاندا بەرێژەیەكی زۆركەم كەدەكاتە(٩,١%) بینەری بەرنامە تەندروستیەكانن كاتەكانی دیكە بەرێژەی جیاواز وبەناوەندە ژمێرەی (٣,٤٥) و لادانی پێوەری (١,١٩١)، بەرتوێژان بە هۆی سەرقاڵی و كاركردن لە ڕۆژدا كەمتر تەماشای بەرنامەكان دەكەن بەڵام لەبەر ئەوەی كاتی ئێواران وشەوان كاتی پشووە وخێزانەكان لە ماڵەكانیاندا كۆدەبنەوە پێكەوە بینەری بەرنامەكان دەبن. بڕوانە خشتەی ١٢.

**خشتەی (١٢) كاتی تەماشاكردنی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەكان**

| كاتی گونجاو بۆ تەماشاكردن | ج | % | ناوەندەژمێرە | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| بەیانیان | ٣٠ | ٩,١ | ٣,٤٥ | ١,١٩١ |
| نیوەڕوان | ٣٦ | ١٠,٩ | | |
| ئێواران | ٨٧ | ٢٦,٣ | | |
| شەو | ١١١ | ٣٣,٥ | | |
| هەركاتێک بێت | ٦٧ | ٢٠,٢ | | |
| كۆ | ٣٣١ | ١٠٠ | | |

٥- **لەگەڵ كێ بە پەسەندی دەزانیت كەتەماشای بەرنامە تەندروستیەكان بكەیت**

تەماشاكردنی بەرنامە تەندروستیەكان هەر كەسێک ئارەزوو دەكات بە جۆرێک و بە تەنها یان لە گەڵ كەسانی چواردەور تەماشابكات، بەرتوێژان بەرێژەی (٤٠,٥%) پێیان خۆشە لەگەڵ خێزانەكانیان تەماشای بەرنامە تەندروستیەكان بكەن و بەرێژەی ( ٣٧,٢%) لەگەڵ هاوڕێكانیان و بە ڕێژەی (٢٢,٤%) بەتەنها كە سەرجەمیان بە ناوەندە ژمێرەی (٢,١٥) و لادانی پێوەری (٠,٧٥٨)، لەبەر ەوەی زۆرینەی بەرتەێژان لە شەوان و ئێواران تەماشای كەناڵەكانی ڕاگەیاندن دەكەن لەوكاتەشدا خێزانەكان پێكەوە كۆ بونەتەوە و لە ماڵەوەن چونكە كاتی پشووە هەر بۆیە ڕێژەی زۆری بەرتوێژان لەگەڵ خێزانەكانیان تەماشای بەرنامەكان دەكەن. بڕوانە خشتەی ١٣.

**خشتەی (١٣): لەگەڵ کێ بە پەسەندی دەزانیت بۆتەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیەکان**

| لەگەڵ کێ تەماشای بەرنامە تەندروستیەکان دەکەیت | ج | % | ناوەندەژمێرە | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| بەتەنها | ٧٤ | ٢٢,٤ | ٢,١٥ | ٠,٧٥٨ |
| خێزان | ١٣٤ | ٤٠,٥ | | |
| هاوڕێکانم | ١٢٣ | ٣٧,٢ | | |
| کۆ | ٣٣١ | ١٠٠ | | |

**١- ڕادەی گفتوگۆ کردن لە بارەی تەوەرە تەندروستیە پێشکەشکراوەکان**

پاش تەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان گفتوگۆ لەبارەی بابەت و تەوەری باسکراوی ناو بەرنامەکان لای بەرتوێژان و بە زۆرینەی هەڵبژاردە (تاڕادەیەک)یان هەڵبژاردووە کە زیاتر لە نیوەی بەرتوێژان (٥٠,٥%) پێکدەهێنن، بە بەردەوامی ڕێژەی (٢٥,٤%) و کەم (٢٤,٢) پێکدەهێنن سەرجەمیان بە ناوەندە ژمێرەیی (١,٩٩) و بە لادانی پێوەری (٠,٧٠٥)، بابەت و تەوەرە باسکراوەکانی ناو بەرنامە تەندروستیەکان جێگەی مشتومڕە بەبەردەوامی بەرتوێژانیش تاڕادەیەک گفتوگۆ لە بارەی بابەتەکەناوە دەکەن بڕوانە خشتەی ١٤.

**خشتەی (١٤): پاش بینینی بەرنامە تەندروستیەکان ڕادەی گفتوگۆ کردن لە بارەی تەوەرە پێشکەشکراوەکان**

| ڕادەی گفتوگۆ کردن | ج | % | ناوەندەژمێرە | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| بەردەوام | ٨٤ | ٢٥,٤ | ١,٩٩ | ٠,٧٠٥ |
| تاڕادەیەک | ١٦٧ | ٥٠,٥ | | |
| کەم | ٨٠ | ٢٤,٢ | | |
| کۆ | ٣٣١ | ١٠٠ | | |

**٤- باشترین بەرنامەی تەندروستی لای بینەران**

وەک لەم خشتەیەدا دەدەکەوێن رادەی تەماشاکردنی وەرگران دەردەخات بەرامبەر بە بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان لە کەنالە ئاسمانیە کوردییەکاندا، بەرنامەی (هێڵسی ستۆری) کە لە کەناڵی ئاسمانی ئێن ئار تی پەخش دەکریت بە پلەی یەکەم دێت و بە ڕێژەی (٢٥,٦٥%) تەماشا دەکریت لە لایەن بەرتوێژانەوە، لەبەرامبەردا بەرنامەی (نۆرینگە) بە ڕێژەی (٣,٤٤%) لە نزمترین ئاستدایە، لە کۆی (١٢) بەرنامەی تایبەتمەندی تەندروستی سەرجەمیان بینەری تایبەتی خۆیان هەبووە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە بەرنامەی هێلسی ستۆری تایبەت بە کەناڵی ئێن ئارتی پلەی یەکەمە و یەکسانە بە ڕادەی تەماشاکردنی کەناڵەکە لە بەرئەوەی کەناڵی ئێن ئارتی بە پلەی یەکەم دێت لە ڕێژەی تەماشاکردن لە لایەن بەرتوێژانەوە وەك لە خشتەی (٨) خراوەتەڕوو.سەرجەمی بەرنامەکان تایبەتن بە تەندروستی و بەشێکیان لە دوای سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆناوە پەخش دەکرێن و بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی لەبارەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە. بڕوانە خشتەی ١٥.

**خشتەی (١٥): باشترین بەرنامە تەندروستیەکان لە کەناڵە تەلەفزیۆنیە ئاسمانیە کوردییەکان**

| بەرنامە | ج | % | پلە |
|---|---|---|---|
| ستۆدیۆ ١٩ | ٣٨ | 6.54 | حەوتەم |
| سارێژ | ٦٦ | 11.36 | چوارەم |
| کۆڤید١٩ | ٦٨ | 11.70 | سێیەم |
| نۆڕین | ٢٥ | 4.30 | دەیەم |
| نۆڕینگە | ٢٠ | 3.44 | یانزەیەم |
| لەگەڵ د.کامەران قەرەداغی | ٤٠ | 6.88 | شەشەم |
| پارێز | ٣١ | 5.34 | نۆیەم |
| نیشانە | ٧٠ | 12.04 | دووەم |
| هێڵسی ستۆری | ١٤٩ | 25.65 | یەکەم |
| دۆکتەرس | ٣٣ | 5.68 | هەشتەم |
| تەندروستیت | ٤١ | 7.06 | پێنجەم |
| کۆ | 581 | 100 | |
| "بەرتوێژان زیاد لە وەڵامێکیان هەڵبژاردووە" | | | |

**٥- هۆکارەکانی تەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان**

هۆکاری زیادکردنی هۆشـیاری تەندروسـتی و زانینی دواهەمین زانیاری تەندروسـتی بەڕێژەیەکی زۆر بەرتوێژان هەڵیانبژاردووە و ڕێژەکانیان نزیکە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە توێژینەوەکە لە کاتی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسـی کۆرۆنا ئەنجامدراوە و بەرتوێژان سودیان لە بەرنامە تەندرو ستیەکان بۆ ئەو مەبە ستانە وەرگرتووە چونکە ڤایرۆ سی کۆرۆنا بەشێوەیەکی کتوپڕ و بەبێ هەبوونی زانیاری زانستی بڵاوبوبەوە وە.بڕوانە خشتەی ١٦.

**خشتەی (١٦) : هۆکارەکانی تەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان**

| هۆکاری تەماشاکردن | ج | % | پلە |
|---|---|---|---|
| زیادکردنی هۆشیاری تەندروستی و ڕۆشنبیری گشتی | ١٣٩ | ٣٤,٥٨ | 2 |
| زانینی دواهەمین هەواڵ و زانیاری تەندروستی | ١٤٠ | ٣٤,٨٢ | 1 |
| خۆپارێزی لە نەخۆشیەکان | ٥٦ | ١٣,٩٣ | ٤ |
| بۆ بەدەستهێنانی تەندروستیەکی باشتر | ٦٧ | ١٦,٦٧ | 3 |
| کۆ | ٤٠٢ | ١٠٠ | |
| "بەرتوێژان زیاد لە وەڵامێکیان هەڵبژاردووە" | | | |

**٦- ئاستی سودبینین لە زانیارییەکانی بەرنامە تەندروستیەکان**

ئەوەی لە خشتەی سەرەوەدا دەبینرێت ئاستی سودبینینی بەرتوێژانە لە زانیارییەکانی ناو بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان، بەرێژەی (٤٠,٨%)ی بەرتوێژان تاڕادەیەك سودیان وەرگرتووە لە زانیارییەکانی ناو بەرنامەکان و (٣٢,٣%)ی بەرتوێژان زۆر بەکەمی سودیان وەرگرتووە، (٢٦,٩%)ی بەرتوێژان زۆر سودیان لە زانیارییەکان وەرگرتووە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بابەتانەی کە لەناو بەرنامەکاندا باسکراوە و لەئاستی چاوەڕوانی بەرتوێژاندا بووە. بڕوانە خشتەی ١٧.

**خشتەی (١٧):ئاستی سودبینین لە زانیارییەکانی ناو بەرنامە تەندروستیەکانی کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان**

| ئاستی سودبینین | ج | % | ناوەندەژمێرە | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| زۆر | ١٠٧ | ٣٢,٣ | 2.05 | ٠,٧٦٩ |
| تاڕادەیەک | ١٣٥ | ٤٠,٨ | | |
| زۆر کەم | ٨٩ | ٢٦,٩ | | |
| کۆ | ٣٣١ | ١٠٠ | | |

**٧- سوودی بەرنامە تەندروستیەکان بۆ بینەران**

ئەو سودانەی کە بە توێژان بینیویانە لەبەرنامە تەندروستیەکان دابەش بووە بەسەر چەند سودێکی جیاوازدا بەڵام بەپلەی یەکەم فراوانکردنی ئاسۆی زانیارییەکانە لای بەرتوێژان کە بەرێژەی(٤١,٤%)ی بەرتوێژان سودیان لێبینیوە کەمترین سود (٢%) کە هەموو بژاردەکانە، بە ناوەندە ئەگەرەکانی دیکە لەنێوان ئەو دوو ڕێژەیەدان، بەرتوێژان سودیان لە بەرنامە تەندروستیەکان وەرگرتووە بەپێی ئەگەری جیاواز بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە بەرتوێژان تەماشای بەرنامەکانیان کردووە بە ئامانجی فراوانکردنی ئاسۆی زانیارییە تەنەندروستیەکان ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە بەرنامە تەندروستیەکان زانیاری تەندروستی بەسوودیان بڵاوکردۆتەوە بۆ وەرگران و ئامانجیان بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستیە. بڕوانە خشتەی ١٨.

**خشتەی(١٨): ئەو سودانە چین کە بەرتوێژ بینیوێتی لە بەرنامە تەندروستیەکان**

| سود بینینی بەرتوێژان لە بەرنامە تەندروستیەکان | ج | % | پلە |
|---|---|---|---|
| ئاشنابوون بە زانیاریە تەندروستیە تازەکان | ٩٨ | 24.32 | 2 |
| فراوانکردنی ئاسۆی زانیاری تەندروستی | ١٦٧ | 41.44 | 1 |
| دورکەوتنەوە لە ڕەفتاری ناتەندروست | ٥٩ | 14.64 | 3 |
| وەرگرتنی ڕێنمایی و ئاراستەی تەندروستی | ٥٢ | 12.9 | 4 |
| بەدەستهێنانی زانیاری تەندروستی لە بارەی شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ نەخۆشی و نەخۆشدا | ١٩ | 4.71 | ٥ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 6 | 1.99 | ٨ | هەموویان |
| | ١٠٠ | ٤٠٣ | کۆ |
| "بەرتوێژان زیاد لە وەڵامێکیان هەڵبژاردووە" | | | |

**٨- هۆکارەکانی لاوازی سوودی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان**

هۆکارەکانی زۆرکەم سـودبینین لە بەرنامەکان بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ قورســی و تێنەگەشـتن لە بابەتەکان بەرێژەی (٣٢,٣%) بەرتوێژان هەڵیان بژاردووە لە دوای ئەو پێشــکەشــکردنی زانیاری کۆن و ڕووکەشــانە کەرێژەی (٢١,٩%) بەرتویژان پێکدەهێنێت، وەهەروە ها ئەگەرە کانی دیکەش بەرێژەی جۆراوجۆر بەرتوێژان بە هۆ کاری کەم تەماشـاکردن هەڵیانبژاردووە، ئەوەی دەبینرێت قورســی و تێنەگەشـتنی بابەتەکان و دووبارە بوونەوەی زانیارییەکان هۆکاری سەرەکین ئەمەش ئا ستی بەرنامە تەندرو ستیەکان دەردەخات و توانایان لە گەیاندنی زانیارییەکان و لە نوێی بابەتەکاندا کە بینەر بەردەوام بینەری بابەتێك دەبێت کە زانیاری نوێی تێدا بێت .بڕوانە خشتەی ١٩.

**خشتەی (١٩) : ئەگەر ئاستی سودبینین (زۆرکەم) بوو، هۆکارەکانی چین لای بەرتوێژان**

| پلە | % | ج | هۆکاری کەمی سودبینین لای بەرتوێژان |
|---|---|---|---|
| 1 | ٣٢.٣ | ١٨١ | قورسی تێگەشتن لە بابەتەکان |
| 3 | ١٧.٧ | ٩٩ | ناڕوونی لە قسەی پێشکەشکاری بەرنامەکان |
| 4 | ١١.٤ | ٦٤ | ناڕوونی لە قسەی میوانی بەرنامەکان |
| 6 | ٧.١ | ٤٠ | هەژاری لە خستنەڕووی بەڵگە و سەلماندنی زانستی |
| 2 | ٢١.٩ | ١٢٣ | پێشکەشکردنی زانیاری کۆن و ڕوکەشانە |
| 5 | ٩.٦ | ٥٤ | کاتی پێشکەشکردنی بەرنامەکە بۆ من گونجاو نیە |
| | ١٠٠ | ٥٦١ | کۆ |
| "بەرتوێژان زیاد لە وەڵامێکیان هەڵبژاردووە" | | | |

**٩- ئاستی بڕوابوون بە زانیارییەکانی ناو بەرنامە تەندروستیەکان**

بەرتوێژان بەرێژەی (٧٦,١%) تاڕادەیەك بڕوایان پێیەتی، لە(١٧,٥%) ی بەرتوێژان بڕوایان بە بەرنامە تەندروستیەکان هەیە و بەرێژەی (٦,٣%)ی بەرتوێژان بڕواییان بەزانیارییەکانی ناو بەرنامە تەندروسـتیەکان هەیە، کە سـەرجەمیان بە ناوەندە ژمێرەی (٢,١١) و بە لادانی پێوەری (٠,٢٢٧)، ئەو ڕێژەیەی بەرتوێژان کە تاڕادەیەك باوەڕیان بەزانیارییەکان هەیە ئەوە دەردەخات کە بەرنامە تەندروسـتیەکان سـەرکەوتووبوون لەدروسـتی ئەوزانیارییانەی کە بڵاوی دەکەنەوە. بڕوانە خشتەی ٢٠.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**خشتەی (٢٠) ئاستی بڕوابوون بە زانیارییەکانی ناو بەرنامە تەندروستیەکان لەلای بەرتوێژان**

| ئاستی بڕوابون | ج | % | ناوەندەژمێرە | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| بڕوام پێیەتی | 58 | 17.5 | ٢.١١ | ٠,٤٧٦ |
| تاڕادەک بڕوام پێیەتی | 252 | 71.6 | | |
| بڕوام پێینییە | 21 | 6.3 | | |
| کۆ | ٣٣١ | ١٠٠ | | |

١٠- **کاریگەری بەرنامە تەندروستیەکان لە زیادکردنی هۆشیاری تەندروستی**

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت کە ڕێژەی (٤٣,٢%) بەرتوێژان تاڕادەیەك بەرنامە تەندروستیەکان کاریگەری هەبووە لە زیادبوونی هۆشیارییان بەرامبەر بەتەندروستی خۆیان و کەسانی دەروبەریان، ڕێژەی (٣٧,٢%)ی بەرتوێژان کاریگەری بەرنامە تەندروستیەکان بە تەواوی بەسەر ڕەفتار و کرداریانەوە دەرکەوتووە و لە (١٩,٦%) ڕێژەی کاریگەری لەسەریان کەم بووە، سەرجەمیان بە ناوەندە ژمێرەی (٢,١٨) بە لادانی پێوەری (٠,٧٣٤)، ڕێژەی هەرە زۆری بەرتوێژان پێیان وابووە کە بەرنامە تەندروستیەکان تارادەیەك یان بە تەواوی کاریگەری هەبووە لە فراوانبوونی ڕادەی هۆشیاری تەندروستیان. بڕوانە خشتەی ٢١.

**خشتەی (٢١) کاریگەری بەرنامە تەندروستیەکان لە زیادکردنی هۆشیاری تەندروستی لای بەرتوێژان**

| کاریگەری بەرنامە تەندروستیەکان | ج | % | ناوەندەژمێرە | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| بەڵێ | ١٢٣ | ٣٧,٢ | 2.18 | 734.٠ |
| تاڕادەیەک | ١٤٣ | ٤٣,٢ | | |
| نازانم | ٦٥ | ١٩,٦ | | |
| کۆ | ٣٣١ | ١٠٠ | | |

١١- **جۆری کارگەرییە تەندروستیە بەجێماوەکان لەسەر بینەران**

بەرنامە تەندروستیەکان ئایا لە توانایاندایە لە دوای خۆیان کاریگەری بەجێبهێڵن بەسەر بەرتوێژانەوە ئەوەی لە وەڵامەکاندا دەبینرێت کاریگەری ئەرێنی و جێگەی بایەخە، ڕێژەی (٣٧,١%) ی بەرتوێژان بەرنامە تەندروستیەکان یارمەتیدەر بوون بۆ ئەنجامدانی پشکنینی تەندروستی، بەڕێژەی (٣٤,٥%) بەرنامە تەندروستیەکان هۆکاربوون بۆ زیادبوونی ڕۆشنبیری تەندروستی، وەهەروەها ئەگەرەکانی دیکەش کە لە خشتەکەدا خراونەتەڕوو سەرجەمیان بەڕێژەی جیاواز.. بڕوانە خشتەی ٢٢.

**خشتەی (٢٢) کاریگەرییەکانی دوای تەماشاکردنی بەرنامەی تەندروستی لەسەر بەرتوێژان.**

| کاریگەری دوای تەماشاکردن | ج | % | پلە |
|---|---|---|---|
| یارمەتیدەرە لەکەمککردنەوەی مەترسیەکانی توشبوون بە نەخۆشیەکان. | 68 | 16.63 | 3 |
| یارمەتیدەرە لەهاندانم بۆ ئەنجامدانی پشکنینی تەندروستی. | 152 | 37.16 | 1 |
| زیادبوونی ڕۆشنبیری تەندروستی. | 141 | 34.47 | 2 |
| ئاشنابوون بەڕێگای تەندروست سەبارەت بە مامەڵەکرد لەگەڵ نەخۆشیە کتوپڕەکان. | 44 | 10.76 | 4 |
| ئاشنابوونم بەشێوازی مامەڵەکردنم لەگەڵ نەخۆشیە درێژخایەنەکاندا. | 4 | 0.98 | 5 |
| کۆ | 409 | ١٠٠ | |
| "بەرتوێژان زیاد لە وەڵامێکیان هەڵبژاردووە" | | | |

**١٢- ئەرکی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان**

ئەرکەکانی بەرنامە تەندروســـتیەکان بەڕای بەرتوێژان بە پلەی یەکەم ڕێنماییی و هۆشــیارییە کە ڕێژەی (%٣١،٣) پێکدەهێنێت، بەهەمان شێوە (%٢٩،٢)ی بەرتوێژان پێیان وابووە کە ئەرکی بەرنامە تەندروستیەکان هەواڵ و زانیاری بڵاوکردنەوەیە ، هەروەها ئەرکەکانی دیکەش وەك ئەوەی لە خشـــتەکەدا دەردەکەوێت بەڕێژەی جیاواز دێن، بەڵام هەواڵ و زانیاری و ڕێنمایی و هۆشـــیاری لە گرنگترین ئەرکەکانن لەلای بەرتوێژان چونکە وەرگر کاتێك تەماشـــای بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی دەکات ئامانجێتی زانیاری و هەواڵی نوێی دەستبکەویت. بڕوانە خشتەی ٢٣.

**خشتەی (٢٣) ڕای بەرتوێژان لەبارەی ئەرکەکانی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان.**

| ئەرکەکانی بەرنامە تەندروستیەکان | ج | % | پلە |
|---|---|---|---|
| هەواڵ و زانیاری | ١٤٠ | ٢29. | 2 |
| فێرکاری | ٤٥ | ٤9. | 5 |
| ڕێنمایی و هۆشیاری | ١٥٠ | ٣31. | 1 |
| ڕۆشنبیرکردن | ٥١ | 10.6 | 4 |
| کات بەسەربردن | ٤١ | 8.5 | 6 |
| بازاڕسازی بۆ پزیشک و نەخۆشخانەکان | ٥٣ | 11.0 | 3 |
| کۆ | ٨٠4 | ١٠٠ | |
| "بەرتوێژان زیاد لە وەڵامێکیان هەڵبژاردووە" | | | |

**١٣- بایەخی بەرنامە تەندروستیەکان بۆ بابەتە تەندروستیەکان**

ئەم خشتەیەی سەرەوە دیارترین تەوەرەکانی بەرنامە تەندروستیەکانە کە لەئێستادا لە ناو بەرنامە تەندروستیەکان باســـیان لێوەدەکرێت، ڕێژەیەکی زۆری بەرتوێژان پێیان وایە کۆرۆنا ڤایرۆس پلەی یەکەمی تەوەرەکان پێکدەهێنێت

بەرێژەی (٤٨,٥%)، بە پلەی دووەم نەخۆشـــیە درێژخایەنەکانە بەرێژەی (١٩,٤%)ی بەرتوێژان پێکدەهێنێت، هەروەها نەخۆشـــیە (بۆماوەییەکان، دەرونیەکان، جەســـتەییەکان) ڕێژەکانیان لەیەکتر نزیکە جیاوازییەکی کەم لە نێوانانداـیە، لەبەر ئەوەی کاتی ئەنجامدانی ڕاپرســی توێژینەوەکە کاتی بڵاوبونەوەی ڤایرۆســی کۆرۆنا بووە و لەوکاتەدا زۆرینەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەرنامەی تایبەتیان بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی پەخش دەکرد. بڕوانە خشتەی ٢٤

**خشتەی (٢٤)**

**دیارترین تەوەرەکان لای بەرتوێژان  کە لە ئێستادا بەرنامە تەندروستییەکان زانیاریان لەسەر بڵاودەکەنەوە**

| دیاریترین تەوەرەکان | ج | % | پلە |
|---|---|---|---|
| کۆرۆنا ڤایرۆس | ٢٠٥ | 48.5 | 1 |
| نەخۆشیە درێژخایەنەکان | ٨٢ | 19.4 | 2 |
| نەخۆشیە بۆماوەییەکان | ٤٤ | 10.4 | 5 |
| نەخۆشیە دەرونیەکان | ٤٥ | 10.6 | 4 |
| نەخۆشیە جەستەییەکان | ٤٧ | 11.1 | 3 |
| کۆ | ٤٢٣ | ١٠٠ | |
| "بەرتوێژان زیاد لە وەڵامێکیان هەڵبژاردووە" | | | |

**٢٣- ئاستەکانی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری تەندروستی**

بەرای بەرتوێژان بەرنامە تەندرو ستیەکان بە پلەی یەکەم کار لە سەر بەرزکردنەوەی ئا ستی ڕۆ شنبیری تەندرو ستی خێزان دەکات کە بەرێژەی (٥٠,٢%)ی بەرتوێژان ئەو ڕایەیان هەیە، ئاســـتەکانی دیکەش بە پلەی جیاواز دێن، بڕوانە خشتەی ٢٥.

**خشتەی (٢٥) ئاستەکانی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری تەندروستی لای بەرتوێژان**

| ئاستەکانی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری | ج | % | ناوەندەژمێرە | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| ئاستی ڕۆشنبیری تەندروستی تاك | ٦٦ | ١٩,٩ | ٢,٢٣ | ٠,٩١١ |
| ئاستی ڕۆشنبیری تەندروستی خێزان | ١٦٦ | ٥٠,٢ | | |
| ئاستی ڕۆشنبیری تەندروستی کۆمەڵەکان (توێژەکان) | ٥٧ | ١٧,٢ | | |
| ئاستی ڕۆشنبیری تەندروستی هەموو کۆمەڵگە | ٤٢ | ١٢,٧ | | |
| کۆ | ٣٣١ | ١٠٠ | | |

**٢٤- بەرنامە تەندروستیەکان ڕۆڵیان هەیە لە بڵاوکردنەوە و زۆربوونی هۆشیاری تەندروستی**

ئەوەی لە خشـــتەکەدایە بەرێژەی (٤٣,٥%)ی بەرتوێژان پێیان وایە کە بەرنامە تەندروســـتیەکان تاڕادەیەك ڕۆڵیان هەبووە لە بڵاوکلادنەوەی هۆشـــیاری تەندروســـتیدا، ڕێژەی (٣٧,٢%) پێیان وایە بەرنامە تەندروســـتیەکان ڕۆڵێکی

زۆریان هەبووە لە بڵاوکردنەوەی هۆشـیاریدا، ڕێژەی (١٩,٣%) کە ڕێژەیەکی کەمە ڕایان وایە بەرنامە تەندروسـتیەکان زۆر بەکەمی ڕۆڵیان هەبووە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستیدا.بڕوانە خشتەی ٢٦

**خشتەی (٢٦) ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکان لە بڵاوکردنەوە و زۆربوونی هۆشیاری تەندروستی لای هاوڵاتیان**

| ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکان لە هۆشیاری تەندروستی | ج | % | ناوەندەژمێرە | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| زۆر | ١٢٣ | ٣٧,٢ | ٢,١٨ | ٠,٧٣١ |
| تاڕادەیەك | ١٤٤ | ٤٣,٥ | | |
| زۆر کەم | ٦٤ | ١٩,٣ | | |
| کۆ | ٣٣١ | ١٠٠ | | |

**-٢٤ ئاستی پشت بەستنی بینەران بە ئامرازەکانی تر**

ڕادەی تە ماشـــاکردنی بەرتوێژان بۆ کە ناڵە ئاســـمانیە بیانیە کان ( ٦٥%) بەرتوێژان پێکدەهێنێت کە لە پاڵ تەماشـاکردنی کەناڵە کوردییەکان سـود لە کەناڵە بیانیەکانیش وەردەگرن بۆ وەرگرتنی زانیاری تەندروسـتی، بەڕێژەی (٢٤,٨%) تەماشای کەناڵە ناوخۆییەکان دەکەن (١٠,٣%) بەرتوێژان تەماشای کەناڵە ئەلکترۆنیەکان دەکەن سەرجەمیان بە ناوەندە ژمێرەی (١,٨٥) و بەلادانی پێوەری (٠,٥٧٥) وەرگران مەبەشـــتیانە ئاگاداری گۆڕانکارییەکانی جیهان بن بۆ ئەمەش سود لەکەناڵە جۆراوجۆرەکان وەردەگرن. بڕوانە خشتەی ٢٧.

**خشتەی (٢٧) تەماشاکردنی کەناڵەکانی دیکە بێجگە لە کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان**

| تەماشاکردنی کەناڵەکانی دیکە | ج | % | ناوەندەژمێرە | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| کەناڵە ناوخۆییەکان | ٨٢ | ٢٤,٨ | ١,٨٥ | ٠,٥٧٥ |
| کەناڵە ئاسمانیە بیانیەکان | ٢١٥ | ٦٥,٠ | | |
| کەناڵە ئەلکترۆنیەکان | ٣٤ | ١٠,٣ | | |
| کۆ | ٣٣١ | ١٠٠ | | |

## دەرەنجام

تویژەر پاش شـیکاری سـەرجەم زانیاریەکان و ئەو ئەنجامانەی دەسـتی کەوت" سـەبارەت بە ناوەڕۆکی بابەتی توێژینەوەکە، گەیشتووە بە چەند دەر ئەنجامێك کە بریتین لە :

١- بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان لەئاست چاوەڕوانی بینەراندان لە پێشکەشکردنی زانیارییەکاندا.

٢- ئەو بابەتانەی لەناو بەرنامە تەندروسـتیەکاندا گفتوگۆیان لەسـەر دەکرێت جێگەی ڕەزامەندی وەرگران و وەرگران تاڕادەیەک سودیان لە بابەتەکان وەرگرتووە.

٣- وەرگرانی بەرنامە تەندرو ستیە تەلەفزیۆنیەکان کە سانێکن کە ئامانجیان وەرگرتنی زانیاری ڕا ست و درو ستە لە سـەرچاوەیەکی بڕوا پێکراوەوە،هەر بۆیە بەردەوام هەوڵ دەدەن لەڕێگەی بەرنامە تەندروسـتیەکانەوە تازەترین زانیاری وەربگرن .

٤- ئەو زانیاریانەی کە پەخشـدەکرێن زانیاری تەندروسـتی بەسـودن بە مەبەسـتی ئاگاداربوونی وەرگران لەتەندروستی خۆیان و کەسانی چواردەوریان .

٥- مەبەسـتی پەخشـکردنی زانیارییە تەندروسـتیەکان بڵاوکردنەوەی و چاندنی هۆشـیاری تەندروسـتیە لەلای وەرگران، بە ئامانجی بونیاد نانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست .

٦- ئامانجی سـەرەکی بەرنامە تەندروسـتیەکان بڵاوکردنەوەی هۆشـیاری تەندروسـتیە لەناو کۆمەڵگەداو بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریەی لەسەر ئاستی تاک و خێزان و کۆمەڵگە.

## پێشنیاری توێژینەوە

١- ئەو زانیاریانەی لە ناو بەرنامە تەندروسـتیەکاندا بڵاو دەکرێتەوە پێویسـتە بابەتی نوێ و بڵاو نەکراوە بێت و زانیاری ڕاست و دروست پستبەست بێت بە توێژینەوەی زانستی جیهانی .

٢- گرنگیدان بە هەوڵە پزیشـکیە ناوخۆییەکان و باسـکردنیان بە ئامانجی برەودان بە لایەنی تەندروسـتی لە ڕێگەی بەرنامە تەندروستیەکانەوە.

## سەرچاوەکان


١. أديب حضور، المسألة الصحية فى الصحافة السورية، الامكتبة الاعلامية، ديمشق، ١٩٩٣.

٢. أديب خضور، الاعلام المتخصص، المكتبة الاعلامية، دمشق، ٢٠٠٥.

٣. بسام عبدالرحمن المشاقبة، الاعلام الصحي، دار الاسامة للنشر والتوزيع، الاردن، ٢٠١٢.

٤. جلال الخوالدة، المذيع التلفزيونى التدريب و التأهيل، دار المعتز للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٥.

٥. السيد احمد مصطفى، الاعلام المتخصص،دار الكتب الوطنية –بنغازى،١٩٩٧.

٦. شعبانی مالک، دور التلفزيون في التنشئة الاجتماعية، مجلة العلوم الانسانيةو الجتماعية، جامعة محمد خيضر، بسكرة،عدد(٧)، ٢٠١٨

٧. عبدالرزاق الدليمى، مصعب المعايطة، دور التلفزيون فى التوعية الصحية، دراسة تحليلية فى مؤتمر الاول للاعلام، ٢٠١٤.

٨. فاروق ناجى محمود، البرامج التلفزيونى كتابته و مقومات نجاحة، دار النفائس للنشر و التوزيع، بغداد، ٢٠٠٧.

٩. فهد بن عبدالرحمن الشميمري، التربية الاعلامية، مكتبة مالك فهد الوطنية، رياض،١٤٣١.

١٠. محمد الخضيرى، دور الاعلام في التثقيف الصحي، ١٩٩٥، دمشق.

١١. مراد ابراهيم حسنى، الاعلام الصحى و الطبي، المكتبة الوطنية، الاردن- عمان، ٢٠١٧.

١٢. هاشم أحمد نغميش الحمامي، الاعلام الصحي و التلفزيون(دراسة في مقومات البرنامج التلفزيوني المخصص للتوعية الصحية)، جامعة العلوم الاسلامية العالمية، عمان،٢٠١١ .

**توێژینەوە زانستیەکان:**

١. إيمان عبيدي، الاذاعة المحلية و الوعي الصحى لدى الشباب الجامعي، رسالة الماجستير في أتصال و العلاقات العامة، جامعة العربي بن مهيدي - أم البواقي، كلية العلوم الاجتماعية و الانسانية، ٢٠١٥.

٢. بشير مطفاوي، دور الحملات الاعلانية في نشر الوعي الصحي لدى الطالبة الجامعي، رسالة الماجستر، جامعة العربي التبسي- التبسة، كلية علوم الانسانية، قسم الاعلام ، ٢٠١٦.

٣. حنان الكسوانى، دور الصحافة الاردنية اليومية في التوعية الصحية دراسة في التحليل المضمون، رسالة الماجستر، الاردن، جامعة الشرق الاوسط للدراسات، ٢٠٠٩.

٤. على موفق فليح، دور العلاقات عامة في نشر الوعي المروري فى العراق، رسالة الماجستر ، جامعة بغداد، ٢٠٠٥.

٥. محمد بن عبدالمحسن الزكري، جهود الصحافة اليومية السعودية في نشر المعريفة الصحية، رسالة الماجستر في الاعلام، جامعة الامام محمد بن سعود الاسلامية، كلية الدعوة و الاعلام، ١٤٢٧

٦. محمد روابحى، الهرمنيوطيقا و الوعي الفنى في الخطاب الفلسفي الغربي المعاصرة، مذكرة الماجستر فى الفلسفة غير منشورة، جامعة وهران، ٢٠١٣.

٧. محمد فاضل علي، دور شبكة الفيسبوك في تعزيز التوعية الصحية لدى الجمهور، رسالة الماجستير فى الاعلام،جامعة الشرق الاوسط، كلية الاعلام،الاردن، ٢٠١٧.

٨. مصعب عبدالسلام المعايطه، دور التلفزيون الاردني فى التثقيف الصحي، رسالة الماجستير، جامعة البترا، كلية الاداب العلوم، قسم الصحافة والاعلام، ٢٠١٤.

**پێگەی ئەلکترۆنی:**

١. مراد الشوابكة، اهمية التثقيف الصحى، ٢٠١٧. رێکەوتی سەردان ٢٠٢٠/٢/٢ کات (pm٥:٠٠)
http://mawdoo3.com/%D8%A3%D9%87%D9%85%D9%8A%

***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034